# نەخشی ئاڵای کوردستان لەسەر جلی کوردی

جلی کوردی لەگەڵ هەر مۆدەیەکی تازەدا، بەرەو گۆڕانکاری و ئامادەکاری دەچێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو شێوازەوە دەبێ کە بۆی دادەنرێت، تەنانەت بە گوێرەی ستایلەکەیە، دەتوانین ئەو جۆرە نەخشە هەڵبژێرین بۆ سەر جلەکە، بۆیە هەر جلێك مۆدەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لە مۆدە تازەکانی جلی کوردیشدا، جۆرە نەخشێك بۆ کراسی کوردی ئامادە دەکرێت.

نەخشی جلوبەرگ بە پێی هەر شێوەیەکەوە دەبێت، ڕەنگە لە ڕێگەی ئەو نەخشەوە جوانیی جلەکە دیاری بکرێت، یان بە سادەیی خۆی بمێنێتەوە، لە مۆدەی جلی کوردیدا خانمان زیاتر گرنگی بە ڕەنگ و جۆری قوماش دەدەن، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کاتێك نەخشی کراسەکە بە شێوەیەکی دروست بێ، دانانی نەخش بۆ جلوبەرگ کارێکی گرنگە،نەخشی ئاڵای کوردستانیش یەکێکە لەو نەخشانەی کە بۆ کراسی کوردی دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنێکی جوان و قەشەنگی هەیە، کە بەشی سەرەوەی کراسەکە لە ڕەنگی سوور دەبێ، هەروەها ناوەڕاستیش لە سپی و بوونی ڕۆژێك وەك ئاڵای کوردستان، لە خوارەوەش بە سەوز کۆتایی دێت.



## گوارەی مۆدە تازە بۆ وەرزی پ






هەر ئێکسسوارێك لەگەڵ شێوازێك لە جوانی خۆیدا گونجاو دەبێت، شێوازێکی جوانیش دەبەخشێتە گوێوە، لە کاتێکدا خانمان بیر لە ئێکسسوارە ناسکەکان دەکەنەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ئێکسسوارە هەڵدەبژێرن کە هەڵەی تێدا دروست دەبێت، بۆیە دەتوانین لەگەڵ ئەو جۆرە ئێکسسوارەدا، مۆدەیەکی تایبەت و شایستە ئامادە بکەین، بە جۆرێك لەگەڵ هەر ڕێژەیەکدا ئەو مۆدە کراوە و ناسك بێت، بیرۆکەی ئێکسسواری گوارە، یەکێکە لەو بیرۆکە جوانانەی کە جوانی قژ و ڕووخسار ڕازاوەتر دەکات، گوارەکانیش لەو وەرزەدا بە شێوەیەکی دروست دەردەکەون، کە وا دەکەن ببنە جێگەی سەرنجڕاکێشان و ناسکی، جۆرو

## جوانیی سەرین لە دی






دیکۆری ماڵ، بە هەر جۆرێك بێ، ڕازاوەیی و دیمەنی خۆی دەردەخات، لە کاتێکدا دەتوانین سوود لە گشت کەرەستەکان وەربگرین، بە گوێرەی ئەوەش لە شوێنی گونجاوی خۆیانیان دابنێین، وەك ڕێگەیەك بۆ دانان و بەرجەستە کردنی ستایلێکی ڕازاوە و ناسك لە جوانیی ماڵدا، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ئێکسسوارانەوە کە بەردەوام دیارن و بەرچاون، سوودێکی جوانی زۆریان هەیە لە مۆدەی دیکۆری ماڵ، سەرین یەکێکە لەو ئێکسسوارانەی کە بە گوێرەی شوێن لە ماڵدا دادەنرێت و لە هەنگاوێکی بچووکەوە دەتوانێت گەورەترین جوانی دەربخات، سەرین لە شوێنی دانیشتن دادەنرێت، یان لە شوێنی خۆی هەڵدەگیرێت و تەنانەت دیکۆرێکی تایبەت دروست دەکات، یان کاتێك لەسەر قەنەفە بە

## جوانی و گرنگی تەسریحەی قژ

ماکیاژ و تەسریحەی قژ، هەنگاوێکی دێرینە لە جوانی و ڕواڵەتی گرنگی دان بە نەشونمایەکی تایبەت و ڕازاوە بە قژەوە، لە کاتێکدا دەکرێ سوودێکی تایبەت وەربگرین لە جوانی قژ، کە لەسەرەتای ئەو لایەنەوە هەر مۆدیەك جێگەیەکی تایبەت و بە نرخ بگرێ، تەنانەت دەتوانین جۆرەکانی تەسریحەی قژ، بە پێ ئەو خواستەوە بێ کە پێکهاتەیەکی دیاری کراو، تەنانەت بوونی ئەو جۆرە تەسریحەیە لەگەڵ دیمەنی خۆی و شێوازی قژەکەوە بگونجێ، بۆیە دەکرێ قژ بە یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی جوانی دابنێین، ئەمانەش وەدەکەن کە گشت





# دوو کراسی شایستە بۆ نیشان و مارەبڕین

دوو لە جوانترین کراسی نیشان و مارەبڕین بۆ خانمان، کە دیمەنێکی ناسك لە خۆ دەگرێت و بە کرانەوەی بەشـــی ســـەرەوە و هەروەها بوونی پەڕپەڕە لە خوارەوە، کە ئەوەش شایستەیی خۆی دەنوێنێت، دانانی نەخشـــێکی سادە و بە مۆری لەسەر سینگ یان لەسەر سك، دیمەن و ستایلی کراسەکەی بردووە، تەنانەت بە شێوەیەکی بۆدی یان جەستە گرەوە ئامادەکراوە، بۆ جەستەی گشت خانمانەوە دەگونجێت، کراسی لەم جۆرە مۆدەیەکی جوان و شایستەی هەیە، هەروەها لە رەنگـــی نارنجی یان پرتەقاڵی ئەمەش جوانترین دیمەن لە خۆ دەگرێت و دەبێتە جوانترین کراسی مۆدەی ٢٠١٢ بۆ نیشان و مارەبڕین.



## اییز



شێوازی گوارەش کات و وەرزی خۆی هەیە،بە تایبەت ئەگەر شـــێوەیان گەورە و دیار بێت، لە کاتێکـــدا لە وەرزەکانـــی وەك هاوین و پاییزدا، گوارەی شێوە گەورە دەبێتە مۆدە، بە پێچەوانەش لـــە وەرزەکانی دیکەدا گوارەی بچووك مۆدەی دەبێت،، رەنگەکانیش بەپێ خواســـت و ویستی ئەو خانمەیە کە گوارەکە لە گوێی دەکات.

## کۆری ماڵ



شـــێوەیەکی جوان دادەنرێت، شێوازی سەرینیش بە پێی جۆری رەنگی دیوار و قەنەفە هەڵدەبژێردرێت، چونکە دیمەنی سەرین شێوازێکی تایبەت لە خۆ دەگرێت لـــە رەنگ و دیمەن و نەخشـــەدا، هەر بۆیەش رەنگی کراوە و یان رەنگی تۆخ بۆ سەرین هەڵدەبژێردرێـــت، چونکە ئەو رەنگانە، هۆکارێکن بۆ کراوەیی و زیاتر دەرکەوتن.

## لە دواوە

لایەنێکی جوانی قژ، تایبەتمەند و کراوە بێ، بەتایبەت لە دواوە کە ئامانجێکـــی تایبەتی هەیە و جوانییەکی رەهای دەست دەکەوێ، وەك چۆن گرنگی بە پێشەوەی قژەوە دەدرێ، بەم جۆرە جوانی قژ لە دواوەوە گرنگی و تایبەتمەنـــدی خۆی هەیە، چونکە جوانی قژ، زیاتر لە دواوە دیـــار دەبێ، بەهۆی ئەوەی قژی خانمان لە دواوە جوانتر دەردەکەوێ و شایســـتە دەبێ، بەمەش دەتوانین تەســـریحەکان بخەینە دواوەی قژ، هەروەها گرنگیەکی ســـادە بە پێشـــەوە بدەین، وەك دەزانین قژی خانمان لە دواوە درێژترە نەوەك لە پێشەوە، بۆیە تەسریحەی قژ لە دواوە کاریگەرترە لە پێشـــەوە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە سەرنجڕاکێشـــترین مۆدەکانی قژ، بە جۆرێك دیمەنێکی کراوە و جوانی هەبێ وەك لە وێنەکاندا دەبینرێن.

# سەبەتەی کوردەواری

پێشان کاری دەستی لە کوردەواریدا یەکێك بووە لە پیشەی پیاوان و ئافرەتان، تەنانەت هەرکارێك جێگەی شانازی و کاری جوانی ئەمڕۆیە، ئەوەی لەو وێنەیەدا دەبینرێت، پێیدەگوترێت (سەبەتە)، سەبەتە بە ڕێگەیەکی جوان و سەیر دروست کراوە، زیاتر لە دار دروست دەکرا، یان قەمیش و پەلکی دار کە بە تەڕی لە دار لێدەکرێتەوە و دەکرێتە سەبەتە، شێوەی دروست کردنی سەبەتە، لە خوارەوە دەست پێدەکات و بەرەو سەرەوە دەچێت، واتە لە خوارەوە بە بچووکی لەناو یەکتر دەخرێت وەك ئەوەی کەزی بۆ قژ بکرێت، کە لە پارچەی باریك و درێژ ئامادە دەکرێت، پاشان دەخرێتە ناو یەکتر و تاوەکو سەرەوەی دەچێت، ئەمەش کارێکی ئەندازەیی و جوانی دەوێت، بەڵام ئەوەش لە بیرۆکەی کورددا هاتووە و توانیویانە ئەو جۆرە کارە بکەن، کە وەك کارێکی ئەندازەیی سەیر بووە، سەبەتە بۆ هەڵگرتنی کەرەستە و هێلکە یان کا و یاخود دەکرا بە جێگەی مریشك تاوەکو هێلکەی لێ هەڵبهێنێت کە بەم شێوەیە دروست کراوە، بۆشاییەکی بچووك لەنێوان تەلەکانی هەیە و کە هەوا تێدا بێ و بڕوا، ئەوەش وادەکات کە ناوی سەبەتەکەشی وەکو دەرەوە بێ یان جیاوازییەکی هەبێ لە کەشی دەرەوە.



# مێژووی یەکەمین قوتابخانە لە کوردستاندا





قوتابخانە وەك یەکێك لەو شوێنە پیرۆزەی کە جێگەی خوێندن و فێرکردنە، مێژووی قوتابخانە لە کوردستان بۆ سەردەمێکی دێرین دەگەڕێتەوە، مێژووی کردنەوەی قوتابخانە لە کوردستان بۆ ساڵی ١٩٠٧ دەگەڕێتەوە، کە یەکەمین قوتابخانە لە هەولێر کراوەتەوە، کەچی دوای چەندین ساڵ لە وانە فێرکردن و گوتنەوە بە قوتابیانی کورد، ئەو وێنەیەیان گرتووە، زیاتر لە پێشوودا قوتابخانەی ئایینی هەبوون، کە بە حوجرە و فەقێیاتی دەناسرا، ئەوانەش بۆ پێگەیاندنی مامۆستا و مەلای ئایینی بوون، تەنانەت ڕێژەیەکی زۆری ناودارانیان تێدابوو، ئەو وێنەیە لە ساڵی ١٩٢٧ گیراوە، وەك یادگارییەك لە قوتابخانە، کە سەرتاپای قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە کوڕن، بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩١٣ لە کۆیە یەکەمین قوتابخانە دەکرێتەوە،یەکەمین کچ کە نادرابێتە قوتابخانە، کچێك بووە لە ساڵی ١٩٢٤بە ناوی نەجیبە خان کە لە بنەماڵەی جەلی زادە بووە، یەکێکیش بووە لە زیرەکترین قوتابیانی ئەو سەردەمە.

# گەورەترین پێڵاو لە هیندستانە

**ڕەوەند بەختیار**

پێڵاوی هەموومان بچووکە و تەنانەت هەندێك جیاوازی لەگەڵ ئەوی دیکەدا هەیە، هەروەها ڕۆژانە ژمارە پێوانەییەکان دەبینین و ناویان دەچێتە ناو کتێبی (گینس) بۆ ژمارە پێوانەییەکان. هونەری پێڵاو دروست کردنیش بەدەر نییە لە شکاندنی ژمارەی پێوانەیی،لە وڵاتی هیندستان باو کێك لەگەڵ دوو کوڕەکەی گەورەترین پێڵاویان دروستکردو بۆ ئەوەی ناویان بچێتە ناو کتێبی گینس بۆ شتە سەیرو سەمەرەکان، ئەوەی شایەنی باسە درێژییەکەی مەترو نیوێکەو بە نەخشێکی جوانی تێکەڵ نەخشێندراوە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە جوانترین و سەیرترین پێڵاو کە بەو شێوە گەورەیە دروست بکرێت.





## وێنەیەک لـــــە خەڵک !

کاری جوان هەر ئەوە نییە، شـێوە و ڕواڵەتی جوان بێـت، هەندێك جار بیرۆکەیـەك، دەبێتە سـەیرترین هەنگاو تا ببێتە شاکارێکی گەورە، لە کاتێکدا زۆر کەس خولیای ئەوەیە بەرهەمێك لە شتێکی سادەوە بێنێتە ئاراوە، هونەرمەندێکی ئوستراڵی، توانی سـەیرترین و جوانترین وێنە لەسـەر زەوی بکێشێت، کە بەمەش ڕێگەیەکی ئاسـانی دۆزییەوە، بەبێ ئەوەی بۆیەو فڵچە بەکارهێنێـت، بیرۆکەکـەش بریتـی بـوو لە کۆکردنەوەی کۆمەڵە خەڵکێك کە لە شوێنێکی چۆڵ کۆیان بکاتەوە و بە شێوەیەکی ئەندازەیی جوان توانی ئەو خەڵکە بەو شـێوەیە دابنێ کە وێنەی کچێك دەربچێ و کە لە سەرەوە وێنەکە گیراوە، واتە ئەوانەی خوارەوە، بۆیە و کەرەستە نین، بەڵکو مرۆڤـن و لەلایەن هونەرمەندەکەوە ڕیز کراون.



## بنەگە هەوارگەیەکی کاتیی و خۆش !


ژیانی کۆن وکۆچ و کۆچبەری جاران پڕی بووە لە دیمەنی جوان و خۆش و ناخۆش، ئەوەی لەم وێنەیـە دەیبینین یان زۆر جار بینیومانە لە نێو هەگبەی کوردەوای پێی دەڵێن بنەگە، بنەگە بەو شـوێنە دەگوترێت کە ڕەوەندەکان تێیدا دەژیان، ڕەوەندەکان مەرو ماڵاتیان بۆ هەر شوێنێك ببردبایە پاشان دەگەڕانەوە ئەم شوێنە، پێکهاتەی ئەم شوێنە بە شێوەیەکی سادە زیاتر بە (چروو) واتە پەلکە داری بەڕوو دروسـت دەکرێت، یان تەنیا لە قەمیش و گوریس و خەیمەیەك پێك دێك کە لە کەپر دەچێت بەڵام بەشێوەیکی تۆکمەتر دادەمەزرێت و ڕێگە لە تانی باو باران دەگیرێت، بنەگە شتێکی جوانە و دیمەنێکی ڕازاوە و کوردانەی هەیە، بەمەش دەبێتە یەکێك لە کلتوورە جوانەکانی کورد، کە زیاتر لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەبینرێن و دەبن بە شوێنێکی خۆش بۆ حەوانەوە و دیمەنێکی جوان لەسەر چیا و شوێنە گەشتیارەکانی کوردستان، بنەگە شوێنێکی کاتییە و دروست دەکرێ وەك: دروست کردنی باخچەیەك، یان کاتی ڕنینی بەرووبوومی سەوزە و میوە و داروبارەکانی شاخ.

## فیلی هونەرمەندیش پەیدابوو

وادیـاره گیاندارانیش خولیا و حەزیان بۆ وێنەکێشان هەیە، نموونەیەك بۆ ئەو لایەنە، ئەو فیلەیە کە لە وڵاتی فلیپینە و ئێستاش بۆتە یەکێك لەو گیانـداره هونەرمەندانەی کـە بە لووتی وێنە دەکێشـێت، وێنەکانیش زیاتر وێنەی گیاندارانن و تەنانەت چەندین وێنەی هەیە، یەکێك لەوانە وێنەی شـێوەی فیلێکی دیکەی کردووە، کەسـیش نازانێت مەبەسـتیی چییە یان ئەو فیلەی وێنەی کردووە چـی ئەوە، ئەوەی لێـرەدا مایەی سـەرنجە، یەکێك لە وێنەکانی بە (١٠٠٠) دۆلار فرۆشـراوە،ئەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین وێنە کە گیانداران بیکشێن و بەم نرخە بفرۆشرێت.









# وێنە و بیرکردنەوە

لەو وێنەی سەربازانە، هەوڵبدە بزانە چەند کەس چاویلکەیان لە چاوە !



## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەیت، ناوی کەرەستەیەکی کۆنی کوردی بۆ چای ئامادەکردنت بۆ دەربچێت .

هـ ە س م ر ا و


وەڵامی ژمارەی پێشوو :دەهۆڵ

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




وا بەئاسانی بڕوا بەو کەسە مەکە کە دەمێکە خۆت لێ نزیك دەکاتەوە و دەیەوێت بەشێوازێکی باش خۆی نیشانی تۆ بدات، چونکە لەوانەیە تووشی سەرئێشەت بکات.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



پێویستە خۆت یارمەتی خۆت بدەیت، لەوانەیە ناچار بیت بەهەندێك چارەسەر ڕازی بیت کە پێشتر بیریشت لێ نەکردبووەوە.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



لەڕۆژانی داهاتوودا ڕادەی زیرەکی و لێهاتوویيت بەدەر دەکەوێت، پێویستە باری ئارامی و هێمنی خۆت لەدەست نەدەیت، خۆشت لێ نەگۆڕێت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



لەم ڕۆژانە داوای چەند کارێکت لێ دەکرێت، پێویستە زیرەکانە ئەنجامی بدەیت ئەگینا کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوتی ژیانت دەبێت.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



ئەو سەردانەی کە خەریکیت ئەنجامی بدەیت دوای نەخەیت، بەزووترین کات بیکە،چونکە دەستکەوتی باشی دەبێت گەر بە وریایی ئەنجامی بدەیت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ڕاکردن لەکێشەکان هەرگیز چارەسەر نییە، کێشەکان پشتگوێ مەخەو هاناش بۆ دوژمنانت مەبە، تەنیا پرس بەدڵخوازەکەت بکە.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شەڕەفخان) بوو




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پاشماوەی دەغڵ و دان زیاتر گوێدرێژ دەیخوات)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی گرانبەهایە، بۆ هاوسەرگیری بەکاردەهێنرێ، بۆ بووکە)
- پیتی خانەکانی (٥+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ ڕووبار-بچووکتر لە ڕووبار)
- پیتی خانەکانی (١+٤)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ڕاناوێکی پرسە بۆ کەس بەکاردەهێنرێ)



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

نابێــت هەر ڕۆژەو بڕیارێکت هەبێت، خۆت یەکلایی بکەوەو دوو دڵ مەبە، پێویســتە زیاتر بڕوات بەتوانای خۆت هەبێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ڕاستە ناتەوێت دڵی دۆستە خۆشەویستەکەت لێ برەنجێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا پێویستە پاشەڕۆژی خۆت لەبەر چاو بگریت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئــەو ڕابــردووەی دەمێکە دەتەوێــت لەبیر خۆتی بەریتــەوە، بەناچاری جارێکی دیکە دووچاری دەبیتەوە، بۆیە پێویستە لە پێشوو خۆڕاگرتر بیت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بەم زوانە چەند هەڵوێستێکی سەرسوڕهێنەر دەبینیت، لەوانەیە بۆتۆ جێگای مەترسی بن، هەموو کەس هەڵە دەکات، بەڵام زۆر کەس دانی پێدانانێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**


لەوانەیە تووشــی دەمەقاڵێیەك بیت لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت، بەهێمنی و زیرەکی هەڵســوکەوتی لەگەڵدا بکە، نەهێڵیت توڕەبوون و هەڵچوون بەسەرتدا زاڵ بێت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئــەو ڕووداوەی هەفتەی ڕابردوو کە زۆر ماندووی کردوویت، زۆری پێناچێت بۆت ڕوون دەبێتەوە کەخۆت بەهەڵە هەڵسوکەوتت کردووە.

## نوکتە



- کچێــك لە گــەڵ خۆشەویســتەکەی لەپارکن،لــە نــاکاو باوکــی کچەکــە بەدەردەکەوێــت، کچەکە دەڵێت ئەی هاوار باوکم هات...کوڕەکەش دەڵێت ئاســایی بە، خۆ من ناناسێت بڵێ ئەوە برامە.

-یەکێك بــۆ یەکەم جاری بوو ســپلیتی لە ماڵەکەیدا دانا، دوای ئەوەی کە وەســتا بۆی دەبەستێت و ئەویش دەڵێت : وەستا گیان لە کوێ ئاوی تێ بکەم !

| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ■ | | | | | | | | | | ١ |
| | | | | ■ | ■ | | | | | | | ٢ |
| | | | | | | ■ | | ■ | | | | ٣ |
| ■ | | | | | ■ | | | | | | | ٤ |
| | | | ■ | | | | | | | ■ | | ٥ |
| | | ■ | ■ | | | | | ■ | | | | ٦ |
| | | | | ■ | | | | ■ | | | | ٧ |
| | ■ | | | ■ | | | | ■ | | | | ٨ |
| | | | ■ | | | | | | | | ■ | ٩ |
| | ■ | | | | ■ | | ■ | | | | | ١٠ |
| ■ | ■ | ■ | | | | | | | | ■ | | ١١ |
| | ■ | | | | | | | | ■ | | | ١٢ |
| | | | | | ■ | | | ■ | | | | ١٣ |
| | | | ■ | ■ | | | | | | | ■ | ١٤ |


### ئاسۆیی:

١- شاکاری شەرەفخانی بەدلیسی – من نیم
٢- پایتەختی کوبا(پ)- پایتەختی ئیتالیا
٣- باخ- پایتەختی نایجیریا(پ).
٤- وەکو یەك+ پێداویســتیەکی کۆمپیوتەر(پ) – خۆشی(پ).
٥- جادوو- دەنگدانی منداڵە بۆ دوورکەوتنەوە.
٦- وەرز(ت) – خانەیەکــی بیرکارییــە(پ)- بەنی بێسەر.
٧- دراوی ژاپۆن – پەڵە- شمەك .
٨- ردێن(ت)- کوڕانی بێســەروبن- بۆ خانوو دروست کردن بەکاردێت.
٩- زەوی ڕزگارکراو- ڕەش(ت).
١٠- ناوچەیەکــە لــە زنجیرەی کۆری ئەفســانەی جومونگ.
١١- خودا حافیز بە E (پ)+ پیتێك .
١٢- ژن بە فارسی- ڕەزبەر .
١٣- دانەوێڵەیەکە- پــرس- گۆرانی بێژێکی لوبنانیە (پ).
١٤- نەخۆشخانەیەکی هەولێرە – دەنگی شێر .

### ســتوونی:

١- شــارۆچکەیەکی کوردســتانە – نەسەری هەیە نە کۆتایی
٢- من بە تورکی(پ)- پاپۆر- لە ناوەکانی خودا .
٣- دیوانی ئەحمەد هەردی –کز .
٤- دوو پیت لە بڤە – ژمارە یەکە – شــین بە زمانی تورکی.
٥- مۆلێکە لە هەولێر – ناوێکی کچانەی عەرەبیە.
٦- نــۆ بە کرمانجــی ژووروو – قەنارە + ئامێرێکی میوزیکە.
٧- بە کەسی خراپ دەگوترێت(پ)- وەکو یەکە .
٨- نــاوی یەکەمی کامیرۆن ســەرۆکی ئەمەریکا – شاعیریکی کوردە(ت).
٩- ئاگرە سورە لە خۆم .........(پ)- بۆ جوانکاری بەکاردێت – منالی بچووك(پ).
١٠- جۆرە پانۆلێکە (پ)- پایتەختی بیرۆ(پ)- وەکو یەکە .
١١- پیتێك+ لە ئۆلۆمپیاد بەدەر دەکەوێت- کاری سەر خوراو.
١٢- سەرچاوەی ژیانە(پ)- خواردنێکە(پ)- سروە.

## برنادشۆ و فیکر



**برنادشۆ بۆ بیرۆکە و فیکر دەڵێت :**

**مـن سێوێکم هەیە و تـۆش سێوێـك...**

**ئەگەر ئەو سێوانەمان گۆڕییەوە ئەوا هەر یەکە سێوێکمان پێ دەبێت .**

**بەڵام ئەگەر مـن فیکریـەکم هەبێت و تـۆش فیکریـەك...**

**ئەگەر ئەو فیکرانەمان گۆڕییەوە ئەوا هەر یەکە لە ئێمە دوو فیکری پێ دەبێت !**